ڕاگەیاندنی (کۆمیسیۆنی پەیوەندییەکانی فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی ئەنارکیست
(CRIFA
نە جەنگ لە نێوان گەلان، نە ئاشتی لە نێوان چینەکان

کۆمیسیۆنی پەیوەندییەکانی فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی ئەنارکیست ڕێکەوتی ٤-٥ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٣ لە ئەسینا بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی بیرکردنەوە و چالاکییە کردەییەکانی فیدراسیۆنەکانی خۆمان کۆبووەوە. ئێمە لە ئێستا بەتایبەتی لەبواری ڕامیارییە دژە میلیتاریستییەکان (دژە سەربازییگەرییەکان) چالاکی دەکەین، لەوانە توندبوونەوەی جەنگەکانی ئەم سەردەمە، کە ناسراوترینیان پێکدادانە سەربازییەکانی غەززە و ئۆکرانیا و سودان دەبن. ئەوە کێشەیەکی جیهانییە و نابێت لەبیربکرێت.

جەنگ هەرگیز چارەسەر نەبوە، بەڵکو ئامرازێکی دەستی سەرمایەداری و دەوڵەتە بۆ بەرهەمهێنانەوەی شێوازەکانی دەسەڵاتداریی و بەهرەکێشیی و پیاوسالاریی و چەوساندنەوە. جەنگ هۆکاری بەهێزبوونی دەسەڵات و پلەبەندییە. کەسانێکی زۆر لەبارەی تاوانەکانی جەنگ دەدوێن، بەڵام ئێمە دەڵێین جەنگ هەمیشە تاوانە. هەموو جەنگەکان تاوانن دژی مرۆڤەکان و هەردەم بۆ پاساودانەکان و ڕەواجدان و ڕەواکردنی لە دەربرینەکانی وەک ناسیۆنالیزم کەڵک وەردەگیردرێت، ئەوە لە بارێکدا کە مرۆڤەکان لەلایەن کەمینەیەک بەهرەکێشیی دەکرێن. سەرمایەداریی و دەوڵەت بۆ شێواندن و شاردنەوەی ململانێیە کۆمەڵایەتییەکان، هەوڵدەدەن لە ڕێگەی ئەو پڕوپاگەندە جەنگییانەوە بە دژکردنی دژی هێندێکی دیکە، بە خۆشباوەڕیی بەرژەوەندی هاوبەشی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵ پەرەبدەن.

ئێمەی ئەنارکیستەکان دژی هەموو سنوورەکان و دەوڵەتەکان و سوپاکان و بنەمای سەروەریی وڵاتیی هەین. ئێمە بیرۆکەکانی خۆمان لەبارەی هاوپشتی نێونەتەوەییانە پێشنیار دەکەین و چالاکانە لە هەموو قوربانیانی جەنگ و گشت کەسانێک کە لە هەموو لایەکەوە جەنگ ڕەتدەکەنەوە، پشتگیری دەکەین: ناڕازیان، کەسانی هەڵهاتوان، تێکدەران و کەسانێک کە خۆیان لە جەنگ ڕزگار دەکەن.

ئێمە لە هەموو ئەو هەنگاوە دژە-میلیتێرییانە پشتیوانی دەکەین، کە لەتەک بنەما ئەنارشیستییەکانی ئێمە تەبا هەن، هەر وەها لەو گرووپ و کەس و کۆمەڵانە پشتیوانی دەکەین، کە بەرەنگاری جەنگ دەبنەوە و سەرەڕای هەبوونی جەنگ، بە چالاکی کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان بە یارمەتیدانی خەڵک و بەرجەستەکردنی خەباتی کۆمەڵایەتیی و پەرەدان بە کولتوورەکانی دژی سەرکوتگەریی بەردەوامیی دەدەن.

فێدراسیۆنەکانی ئێمە بێجگە لە بڵاوکردنەوەی زانیاری لەبارەی چالاکییەکان دژی میلیتاریزم لە ئاستی نێونەتەوەیی بۆ بەرەنگاربوونەوەی پڕۆپاگەندە جەنگییەکان لە ڕێگەی گۆڤار و ڕادیۆ و میدیا خۆییەکانەوە، خوازیاری پەرەدان بەم چالاکییانە هەین:
- 'ڕۆژانی جیهانیی چالاکیی دژی هەر جەنگ و میلیتاریزمێک' لە ڕۆژانی ١٧-٢٥ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٣
https://de.indymedia.org/node/306630
- هەفتەکانی دژە-میلیتێریی پۆبلیکۆ لە پاریس ڕۆژانی ٥ تا ٢٦ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٣
http://www.librairie-publico.info/?p=8835
- هەڵمەتی دژە-میلیتێریی لە ئیتاڵیا https://umanitanova.org/event/milano-assemblea-antimilitarista-4
ئەوانە بەس چەند نموونەیەکن.

نە جەنگ لەنێوان مرۆڤەکان، نە ئاشتی لەنێوان چینەکان
کۆمیسیۆنی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی ئەنارکیست – CRIFA
ئەسینای٥ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٣

**[Original Text publish on 20 novembre 2023 , IFA]**
https://i-f-a.org/2023/11/20/ifa-statement-from-crifa-athens-5-nov-2023